# گەڵاڵەی دیك چینی جێگری سەرەك کۆماری ئەمریکا بۆ بۆمبارانی ناوەندی بارهێنانی هێزەکانی قودسی سوپای پاسدارانی رژیمی ئاخوندی



هەواڵدەری مەك کەلاچی ئەمریکا، لەزمان بەرپرسانی ئەمریکایی کە لەگەڵ سیاسەتی ئێران لە پێوەندی دان، لە گەڵاڵەی دیك چینی، بۆ بۆمبارانی ناوەندەکانی بارهێنانی هێزەکانی قودسی سوپای پاسداران هەواڵی دا و لە وتارێکدا، قسەکانی جورج بووش کە گوتبووی، پەیامی من بۆ خەڵکی ئێران ئەوەیە کە ئێوە دەتوانن دەسەلاتێکی باشتر لەوەی ئێستایان هەبێ، بە بانگەواز بۆ گۆڕانی رژیمی ئاخوندی زانی.

هەواڵدەری ئەمریکایی (مەك کەلاچی) لە ووتارێکدا گووتی، بووش لە کونفرانسی چاپەمەنی رۆژی پێنج شەممە ١٨ گەلاوێژ، ئەو گومانەی نەهێشتەوە کە خوازیاری کردەوەی توند لە بەرانبەر رژیمی ئێراندایە، هەروەها جۆرج بووشی خەڵکی ئێران بۆ گوڕانی دەسەڵاتەکەیان هان دەدا. جۆرج بووش دەڵێ، پەیامی من بۆ خەڵکی ئێران ئەوەیە کە ئێوە دەتوانن دەوڵەتی باشتر لەم دەوڵەتەی ئێستاتان هەبێ، ئێوە نابێ تەریك بکەونەوە.

مەك کەلاچی لەو ووتارەدا بە ئاماژە بە ئاگادار کردنەوەی رۆژی پێنج شەممەی رژیمی ئێران لەلایەن جۆرج بووشەوە ڕایگەیاندبوو کە دەست تێوەردانەکانی ڕژیمی ئیران لە عێراقدا ئاکامی خراپی لێ دەکەوێتەوە.

ئەو هەواڵدەریە ئەمریکاییە لە زمان دوو بەرپرسی ئەمریکایی کە پێوەندیان بە سیاسەتی ئێرانەوە هەیە، بڵاوی کردەوە دیك چینی جێگری سەرۆك کۆماری ئەمریکا، چەند حەوتوو لەوە پێش داوای کردوە تا لە دژی پێگە و شوێنەکانی بارهێنانی هێزەکانی قودسی سپای پاسداران لە ئێران، هێرشی هەوایی بەرێوە بچێ. مەك کەلاچی لە دوایی دا لە زمان ووتەبێژی دیك چینی بڵاوی کردەوە، جێگری سەرۆك کۆمار لە سەر سیاسەت لە بەرانبەر رژیمی ئێران هاونەزەری سەرۆك کۆمارە.

***

# هەڵاوسان لە ئێران بەرەوسەرتردەچێ




بانکی ناوەندی ئێران راپورتی دا کە بەرزبونەوەی هەڵاوسان بەڕادەی ٢٪ لە چوارمانگی سەرەتای ئەمساڵەوە، گەیشتە ١٤,٨٪. بەپێی راپورتی بانکی ناوەندی، نرخی هەڵاوسان لە خاکەلیوەدا ١٢,٨٪ بووە کە لە پووشپەردا ٢٪ زیادی کردوەو گەیشتۆتە ١٤,٨٪. ئەوە زۆرترین رادەی هەڵاوسانە لە ماوەی دووساڵی رابردوودا، یانی لەو کاتەوەی کە ئەحمەدی نژاد بوو بە سەرۆك کۆماری رژیم. بڵاوکردنەوەی نرخی هەڵاوسان لەحالیکدایە کە کارناسانی باری ئابوری بروایان وایە کە ئەوەی لە لایەن بانکی ناوەندیەوە بڵاو دەکرێتەوە بەپێچەوانەیەوە و نرخی هەڵاوسان لەئێستادا زیاتر لە ٢٠٪ە. ناوەندی بەدواداچوون لە مەجلیسی رژیمی ئاخوندی چوار مانگ بەر لەئێستا لە راپورتیکدا، کەڵك وەرگرتنی زیادی لە نەوت و داهاتی لە چەند ساڵی رابردودا کردووە. بەڵگە بۆ دانەمەزراویی ئابوری لەئێران و پێش بینیی کردبوو کە هەڵاوسان لەم ساڵدا بگاتە ٢٣٪. ئەو ناوەندەی سەروە مەجلیسی رژیم، هەڵاوسانی لە ساڵی رابردودا بە ٢٣,٤٪ راگەیاندبوو و پێش بینی کردبوو لەم ساڵدا بگاتە ٢٣,٤٪. بەرەوسەر چوونی نەخدینەگی یەك لەهۆکانی زیادبونی هەڵاوسانە و کارناسانی ئابوری لەماوەی یەك ساڵی رابردودا چەند جار لەبارەی ئاکامە خراپەکانی وریاییان دابوو. لە ماوەی دو ساڵی رابردودا بەهۆی خەرجی زۆری دەوڵت و مەسرەفی زیاد لە ئەندازە لە داهاتی نەوت و بەرەوسەرچونی نەخدینەگی لەئێران زۆر بووەو لە ماوەی یەك ساڵدا نەخدینەگی٤٠٪ زیادی کردوە. بەپێی ئامارە بڵاوکراوەکان رادەی نەخدینەگی لە دەوڵەتی پاسدار ئەحمەدی نژاد دا بۆتە زیاتر لە دوو بەرانبەر و لە نیزیك بە ٦٠ هەزار میلیارد تومەن، گەیشتوتە زیاتر لە ١٣٤ هەزار میلیارد تومەن. کارناسان، بەرەوسەرچونی رادەی هەڵاوسان لەئێران دەگەڕێننەوە بۆ سیاسەتە ئابووریەکانی ئەحمەدی نژاد. زیاتر کردنی بودجە لە دوساڵی رابردودا وهەلڕژاندنی زیاترلە٩٠میلیارد دۆلار ئەرزی نەوتی بە ئابوریی ئێران، بەرەوسەرچوونی نەخدینەگی زیاد کردوەو بە باوەری کارناسان زیاد بوونی هەڵاوسان یەکیك لە ئاکامەکانی ئەو بەرەوسەر چوونە نەخدینەگیە.

# پشتیوانیی جەننەتی لە ئێعدام کردنی لاوان لە ئێران

بێهروز





ئەحمەدی جەننەتی بەرێوەبەری شورای نیگابان لە نوێژی هەینی تاراندا لە قسەگەلێکدا بۆ ژمارەیەك لایلەنگرانی ڕژیم پشتیوانی لە ئیعدام کردنی لاوانی بە بیانووی لات و ئاژاوەگێڕ تەئیدکرد و ئەوهەنگاوانەی رژیمی ئاخوندی بە باشترین کردەوەی ئینتزامی و سیاسی و تەنانەت فەرهەنگیش زانی. جەننەتی کە یەکێك لە مۆرە گرینگەکانی رژیمە و لە دەرکردنی بڕیار گەلی وەك کۆمەڵکوژی خەڵکی کوردستان و فەرمانی جیهاد و داپڵۆسینی خەڵکی تورکمەن سەحراو لە خوێن گەوزاندنی لاوانی خوزستان و هەروەها توورکردنی نەیارانی رژیم و پشتیوانی لە تروریستان لە دەرەوە و هان دانی خەڵك بۆ توندوتیژی و ترور، دەورێکی سەرەکی بینیووە، جارێکی دیکە و لە مینبەری ئاخوندانەوە لە تاران کوشتن و ڕاونان و ئیعدام و سووکایەتی بە لاوانی لە لایەن هێزە درندەکانەوە پەسەند کردو کوشتنی لاوانی بە بیانووی جۆراوجۆر گەڕاندەوە بۆ سیستەمی دەسەڵاتی ئیسلامی و بۆ پاساودانی کردەوە چەپەڵەکانیان دەورانی حەزرەتی عەلی(ع)ی بە نمونە هێنایەوەو گوتی: ئیعدام کردنی کۆمەڵە لات و لوتێك لە بەکەڵکترین کارەکانی ئینتزامی و سیاسی و فەرهەنگیە، ئەگەر علی (ع) بمایە زیاتر لەمانەی ئیعدام دەکرد، لەبەر ئەوە پیاوێك نەبوو کە لە لەگەڵ کەسانی تێکدەر بسازێ.ئاخوند جەننەتی و باقی هاوبیرانی کە تینویتیان بە خوێنی ئازادیخوازان و لاوان بەتایبەتی دەشکێ هەر لەبەرایی دەسەڵاتیانەوە دەستیان لە تاوان و جینایەت نەپاراستووە و بۆ قایم کردنی حکومەتی شومیان لە ناشیرن کردنی سیمای ئیسلامی پیرۆزیش سڵیان نەکردۆتەوە.لە ژێرناوی ئیسلامی نابی محمدی و حکوومەتی ئیسلامی دا هەموو تاوانێك دەرحەق بە خەڵکانی ئیران و جیهان بەحەق دەزانن. ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا لە نوێژی هەینی تاراندا زیادی کرد کە یەکێك لە ئامانجەکانی حکوومەتی ئیسلامی، پاراستنی ئەمنیەتی ئیسلامیە و گوتی بە نەبوونی ئەمنیەت، حکوومەتەکەمان بەئامانجی خۆی ناگات. ئاشکرایە ئەوەی رژیمی ئێران بە ناوی دینەوە دەیکات بەریە لەدین. ئیسلام ئاینی پێکەوە ژیان و لێبوردەیەو کوشتنی هەر مرۆڤێکی بێ تاوان بە لەناوبردنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەزانێ. بەڵام لە رژیمی سەرەڕۆ و ملهوڕی ویلایەتی فەقێ دا بە پێچەوانەی ئەو ئایینە پیرۆزە خوێنی موخالیفان حەڵاڵ کراوە و رۆژنیە کۆمەڵێك خەڵكی لاو نەکەنە سووتەمەنی سیاسەتە هەڵەکانیان و هاوکات خوێنی دەستەیێك لە تێکۆشەرانی رێگای رزگاری بەشەریەت و دیمکراسی و ئازادی نەمژن. لە ئیسلام دا کەس لەسەر بیروڕای جیاواز ناکوژرێ و ئەوپەڕی هەوڵی داوە ئاپارتاید لە نێوان کۆمەڵگاکان دا نەمێنێ و هەرکەس مافی خۆی هەبێ. بۆ سەلماندنی هەرتاوانێك، ئیسلام چەندین رێگەی داناوە. بەرنامەی رۆشنبیری هەیە بۆ مرۆڤایەتی و هەرجۆرە بێ سەرەو بەرەییکی وەلاناوە. شەفاف و ڕونە و هەرکەس مافی خۆی وەردەگرێ و تۆڵە کردنەوەشی نەفی کردوە. بەڵام رژیمی ئیران کە بەناوی حکومەتی ئیسلامیەوە کاردەکا، رێ و شوینە ئیسلامی و مرۆڤایەتیەکانی بەگشتی ژێر پێناوە و پێ بەندی هیچ کام لە یاساکان نیە. لە ڕاستیدا ئاینی پیرۆزی ئیسلامی کردۆتە ئەهروم بۆ درێژەدان بە دەسەڵات ە لە هیچ شوێنێکی رژیم دا موقەڕەراتی ئیسلامی پەیڕەو ناکرێ. جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤیشی قبوول نیەو ئەو بەرنامەبە بەرنامەی رۆژئاوا دەزانێ،لە هەموو بڕگەو بابەتەکانی ئەوجاڕنامە لای داوە و خاڵەکانی یەك بەیەك پێخوست کردون. ئیعدام کردنی مێرمنداڵان کە کردەوەیەکی دڕندانەیە و کۆمەڵگەی جیهانی لە دژی وەستاونەتەوە و کار بۆ نەهێشتنی دەکەن لە ئیران دا گەیشتۆتە ئەو پەڕی و بە بڵاوکردنەوەی تۆمارێك دەرکەوت کە ٧١ مێرمنداڵ لە زیندانەکانی رژیمدا چاوەڕیی مەرگ دەکەن. لەگەڵ کەمبوونەوەی سزای ئیعدام لە جیهان دا، ئامارێك لە ئیران بڵاو بۆوە کە نیشانی دا لە ساڵی ٢٠٠٦دا زۆرترین حوکمی ئیعدام بەرێوە چووە و سەبارەت بە ساڵی رابردوو ژمارەی ئیعدامەکان زیادی کردوە. بە پێی ڕاپۆرتەکان ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە ساڵی ٢٠٠٦دا ئیعدام کراون، ٧٠٪ لەچاو ساڵی ٢٠٠٦ دا ١٧٧نەفەر لە ئیران ئیعدام کراون کە زۆرێك لەو ئیعدام کراوانە لاوانی ژێر ١٨ ساڵ بوون. بەرەو سەرچوونی حوکمی ئیعدام لە ئیران و قصاص (تۆڵەکردنەوە) و سەرکوتی جوڵانەوە کۆمەلایەتیەکان و زیندانی کردنی لاوانی تێکۆشەرو ئازادیخواز، کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی نیگەران کردوە. لەو پێوەندیەدا وەڵاتانی خاوەن هەڵوێست و مرۆڤ دۆست هاوڕی لەگەڵ ریکخراوە ناحکومیەکان و مرۆڤایەتیەکان، لە دەربڕینی ناڕەزایەتی سەبارەت بەهەڵویستی رژیمی ئاخوندی پێداگرتر دەبن و کەم رۆژ هەیە لە لایەن یەکێك لە وەڵاتان و رێکخراوێکەوە ئەو ڕژیمە مەحکوم نەکرێ. ئەحمەدی جەننەتی لە حالێکدا بەلاوانی موباریز دەڵێ لات و لوت و بەرەڵا کە پیلانە شوومەکەیان لەلایەن خەڵکەوە ئاشکرابووە. کەسانێك کە لە پێوەندی بە ئاوردانی پۆمپی بەنزین لە تاران گیرابوون، بە لات و لوت ناساند. خەباتکارانی بلوچستان بە قاچاخچی ناو دەبا و هیچ کات لەو پێوەندیەدا تاوانی ڕاستی ئیعدام کراوانی لەو ناوچە ڕانەگەیاندوە. لە کوردستانیش چەندها مافخوازی بە بیانووی کار بۆ ئیسرائیل ئیعدام کردوە و بوختانی ئاژاوەگێڕی داونەتە پاڵ و ژمارەیەکی دیکەی لە شۆڕشگێڕان بێ دادگای کردن شەهید کردون. ئاخوندان بۆ پاساوی نەبوونی دادگا، یان دادگای نەکردنی تێکۆشەرانی سیاسی لە ئیران، ئەوەیان دەگوت کە هەرکات ٢حیزب اللەی شاهیدی لەسەر هەرکەس بدەن ئەوە دادگایی یەو ئەو حوکمە قانونیە. بێ گومان ئیستاش زیاتر لە جاران دەستیان داوەتە کردەوە وەحشیانەکانیان و بۆ سەرکوت کردنی ناڕەزایەتی خەڵك و بەچۆکدا هێنانی لاوان لە هیچ تاوانێك درێغی ناکەن.

***